# ئەرک و گرنگی لادانە زمانییەکان لە دەقی فۆلکلۆری کوردیدا
# (داستان و پەندی پێشینان بە نموونە)

پ. ی. د. صافیە محەمەد ئەحمەد

م. سۆران عەبدولرەحمان حەمەد

زانکۆی ڕاپەڕین- هەرێمی کوردستان/ عیراق

**پوختە:**

ئەدەبی فۆلکلۆر هەر وەک جۆرەکانی تری ئەدەبی نووسراو و میللی و ...هتد، لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە، خاوەن مۆرکێکی ڕەسەنە، هەر ئەمەشە جیایکردۆتەوە لە جۆرەکانی تری ئەدەب و نرخ و بەهای تایبەتی خۆی هەیە. ئەگەر بە وردی سەرنجی دەقەکانی نێو ئەدەبی فۆلکلۆر بدەین، کە هەڵقووڵاوی داب و نەریتی ڕەسەنی کۆمەڵگا و ڕەنگدەرەوەی شێوەی ژیان و باری گوزەران و شارستانیەتی ئەو سەردەمەیە و لە چەند شێوازێکی ئەدەبی جیا و ژانری هەمەجۆر داڕێژراون، وێنەیەکی واقعی لە ژیانی ئەوکاتە پیشانداوە، لە ململانێی هێزی شەڕ و خێر و پاڵەوانی و قارەمانیەتی گەل، پەنجەی خستۆتە سەر کەموکوڕی کێماسیەکانی کۆمەڵگا و پەردەی لەسەر چەندین دیاردەی ناشیرینی ناوکۆمەڵگا هەڵداوەتەوە، پارێزگاری لە هێڵەسورەکانی ئایین و کۆمەڵگا و داب ونەریت کردوە و سنورەکانی پاراستون.

یەکێک لە خاسیەتە جیاکەرەوەکانی زمانی ئەدەبی فۆلکلۆر سادەیی و ئاسانی دەربڕین و تێگەیشتنیەتی، چونکە بەرهەمی گەلە و بۆ گەل وتراوە بەڵام زمانەکەی لە سیما و ئەدگاری ئەدەبی بەهێز بەدەر نیە و لادان وەک بنەمایەکی شێوازی ئەدەبی و پێکهێنەری شیعرییەتی دەق، لە چنینی دەقە فۆلکلۆرییەکان بە چەندین جۆری هەمەڕەنگ دەردەکەوێت.

ئەم توێژینەوەیە لە سنوربەندی ئەم کۆنفراسە هەوڵێکە بۆ دەرخستنی ئەرک و گرنگی لادان لە دەقە فۆلکلۆرییەکان و پەندی پێشینانی کورد و داستانی کوردی وەک نموونە وەرگرتووە؛ لەبەرئەوەی ئەو لادانە زمانییانە بوونەتە بناغەیەک بۆ ئەدەبی نوسراو و لەلایەکی تریش ناتوانرێت جۆرەکانی تری لادان– لەڕووی بونیاد و ناوەڕۆکەوە- لە دەقی ئەدەبی فۆلکلۆریدا باسیان لێوە بکرێت، چونکە سەرەتا و دەستپێکی ئەدەبی کوردیمانە و دەقی ئەدەبی کۆنترمان نییە، پێی بەراورد بکەین لە بڕیاردان و دیاریکردنی جۆری

لادانەکان؛ بۆیە دوو تەوەر لە خۆدەگرێت، تەوەری یەکەم: باس لە زمانی دەقی فۆلکلۆری بە گشتی و لادان وەک بنەمایەکی سەرەکی شێوازی ئەدەبی دەکەین.

تەوەری دووەم: تـایبەت دەکەیـن بە هەمـوو ئەو جـۆرە لادانە زمانییـانەی، کە لە مەزراندن و چنینی ئەو دوو ژانرە بەرچاو دەکەون، لە کۆتایشدا ئەنجامەکانی توێژینەوە و ئەو سەرچاوانەی سوودیان لێ بینراوە خراونەتەڕوو لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

**پەیڤێن سەرەکی:** *دەق، فۆلکلۆر، لادان، پەندی پێشینانی کورد، داستان.*

**پێشەکی:**

زمـان بنچینـەی دروسـتبوون و لە دایکبـوونی دەقە، پـردی بەیەکبەسـتنەوەی خوێنەر(وەرگر) و نێرەریشە، چونکە نووسەر تاکە ئامرازی بۆ دەربڕین و چنینی بیر و هزری زمـانە و خـوێنەر- وەرگـریش هەر لە ڕێـگەی زمـانەوە ئەو بیـر و هـزر و تێڕامانـانەی ئەو دەخوێنێتەوە و لێی تێدەگات.

دەقی ئەدەبی خاوەن تایبەتمەندی و مۆرکی جیاکراوەی خۆیەتی بە بەراورد بە هەر دەقێکـی تـری ئاسـایی، ئەرکـی زمـان تێیـدا ئەوەیە، کە بە پـلەی یەک بەرجەسـتەی ئەو ئیستاتیکا و گەمە زمانییـانەیە بکـات، کە خـاوەن دەق بە هـۆ و ئاگاییەوە یـان بـێ هـۆ و نائاگاییەوە پەیڕەویان دەکات؛ بۆیە ئەدەبی فۆلکلۆریش، خاوەن زمانێکی تایبەت بە خۆیەتی سیمای جیاکراوەی خۆی هەیە.

لادان وەک ئەدگارێکی دیاری نێو دەقی فۆلکلۆری بە چەند شێوە و چەشنێک خۆی دەنوێنێت؛ ئەگەرچی لە تیۆرە نوێیەکانی شیعرییەت و شێوازناسیدا باسی لێوەکراوە، بەڵام لە کاتی بیستن و خوێندنەوەی دەقە فۆلکلۆرییەکاندا جۆرێک لە ناباوی و جیاوازی هەست پێدەکرێن لە داڕشتن و هۆنینەوەیان و لە لادان بەدەرنین؛ ئارمانجا ئەو توێژینەوەیە دەرخستنی ئەو لادانە زمانییـانەیە، کە لەو دوو ژانـرەدا بوونیـان هەیە و بـۆیەش لا لە لادانە زمانییەکان دەکەینەوە، چونکە ئەدەبی فۆلکلۆر، کە سەرەتاییترین دەقی ئەدەبی پێش ئەدەبی نوسـراوە بە هەمـوو قۆناغەکـانییەوە و تـا ئێسـتا لەو بـابەتە تـوێژینەوەی لە بـارەوە نەکراوە هەروەها بۆ سەلماندن و دەرخستنی ئەو لادانە زمانیانەی تێیدان؛ چونکە ناتوانین بڕیار لەسەر جۆرەکانی تری لادان -بونیادی و ناوەڕۆک- بدەین لە ناو دەقی فۆلکلۆریدا؛ لەبەرئەوەی ئەو جـۆرانە پێویسـتیان بە بەراوردکـردن هەیە لەگەڵ قۆنـاغی تـری پـێش خـۆی، لەبەر فراوانـی ژانرەکـانی ئەدەبـی فۆلکلـۆری کـوردی و سـنوربەندکردنی زانسـتی بـۆ توێژینەوەکەمـان هەردوو ژانـری پەنـدی پێشـینان و داسـتانمان کـردوونە کەرەسـتەی توێژینەوەکەمان.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی دوو تەوەری گرنگ و سەرەکی لەخۆ دەگرێت:

**تەوەری یەکەم**: زمانی دەقی فۆلکلۆر و تایبەتمەندییەکانی بە گشتی و لادان بە تایبەتی وەک بنەمایەکی شێوازی ئەدەبی خراوەتەڕوو.

**تەوەری دووەم**: دیارترین ئەو لادانە زمانییانە بە نموونە ڕوونکراونەتەوە، کە لەو دوو ژانرەدا بوونیان هەیە و لەگەڵ ئەو ئەرک و گرنگییەی بینیویانە تێیاندا.

توێژینەوەکە لەبەر پێویستی زانستی ڕێبازی وەسفی شیکاری بۆ بەکارهاتووە و ئەرک و گرنگی لادانە زمانییەکانی لەو دوو ژانرە بە شێوەی پراکتیکی شیکردۆتەوە، لە کۆتاییشدا لیستی سەرچاوەکان و ئەو ئەنجامانەی، کە توێژینەوەکە پێیان گەیشتووە لەگەڵ پوختەی توێژینەوە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

تەوەری یەکەم: زمان لە دەقی فۆلکلۆری کوردیدا

ژێدەر و توێژینەوەکانی تایبەت بە ئەدەبی فۆلکلۆر گشتیان ئەوە دەخەنەڕوو، کە ئەدەبی فۆلکلۆر خاوەن زمانێکی تایبەت و جیاکراوەی خۆیەتی و بەو سیما و خەسڵەتەش ناسراوە و هەمووشیان لەسەر ئەوە کۆکن، سادەیی و ساکاری دەربڕین و نزیکی لە زمانی خەڵکی و ئەو نۆرمە گشتییەی ڕۆژانە بەکاردەهێنرێت ئەو ئەدەبەی پێگوتراوە.

توێژەرێکی بواری فۆلکلۆرناسی زۆر بە وردی سەرنجی ئەوەی داوە، کە هەر ژانرێک لە ژانرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر بە شێواز و بونیادە تایبەتەکەی جیادەکرێتەوە، ڕێگای دەربڕینی وێکچوون لە هەموویاندا هەیە و ئەو ئەدگارە بە ئاسانی ناگۆڕێت، کە سیفەتێکی جێگیر و بەردەوامە بە درێژایی ڕۆژگار، بەڵام شێوازی گێڕانەوە و وێناکردن و گۆکردنەکان بە پێی گێڕەرەوە و ژینگە گۆڕانی بەسەردادێت و دەگۆڕێت [احمد علی مرسی، ١٩٧٥ :١٤٥]؛ بۆیە هەندێک دەقی فۆلکلۆری بە چەندین شێوازی لێکجیاواز نوسراونەتەوە و لێیان کەمکراوەتەوە یان زیادکراوە یان بە پێی شێوەزارەکان گۆڕدراون.

دوابەدوای نوسینەوە و کۆکردنەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری یەکێک لە بابەتە هەرە گرنگەکانی سەرقاڵبوونی فۆلکلۆرناسانی جیهانی بونیاتی هونەری دەقی فۆلکلۆری بوو، کە لە ئەنجامی بەراوردکردنیان لەگەڵ ئەدەبی نووسراو و نوێی سەردەمە جیاجیاکان بەراوردیان دەکرد و چەندین بۆچوونی ناکۆک و هەمەجۆری لەبارەیەوە دەخرانەڕوو؛ بۆیە (گۆرکی) لە یەکەمین کۆنفراسی نوسەرانی سۆڤیەت لە (١٩٣٤)لەو ڕاپۆرتەی ئامادەی کردبوو ئاماژەی بە دووخاڵی زۆر گرنگدا ((یەکەمیان: داهێنانی شیعری سەرزاری بەتەواوی بەستراوە بە کاری مرۆڤەوە، دووەمیان: فۆلکلۆر توانستێکی هەیە لە دروستکردنی وێنەی قووڵ و ڕوون هەروەها توانای گشتاندن و تایبەتی هەیە لەو پەیوەستیەی ڕەگ و بنچەی مرۆڤ بە کار دەبەستێتەوە))[یوری سۆکۆلۆڤ،١٩٥٠:٣٤]. (گۆرکی) بەمە ئەوەی سەلماند، کە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

فۆلکۆر و ئەدەبی فۆلکلۆر داهێنانیان تێدایە و ڕەنگدانەوەی کار و سەردەم و قۆناغی خۆیانن؛ بۆیە هونەری بوون و ڕادە و چەندایەتی هونەری بوون دەبێت جیاوازبێت لەگەڵ ئەدەبی نوسراو و ئەمەش ڕوونە کاتێک سەرنج دەدەینە دەقەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر دەبینین، کە خاوەن بونیاتی هونەرین و شێوازی ئەدەبی تایبەت بە خۆیان هەیە و لە چوارچێوەیەکی هەڵبژێردراوی کەرەستەکانی زمان هاتوونەتە بەرهەم و خاڵی جیاکراوەیان زۆرە لە ئاخاوتنی ڕۆژانە، بە تایبەتیش گۆرانی، کە((بە دەوڵەمەنترین بەش ئەژمێرێ لەڕووی زۆری بڵاوبوونەوەیە)) [شوکریە ڕەسول،٢٠٠٨ :٨٥]، یەکێک لە هۆکارەکانی زۆری و زوو بڵاوبەوونەوەشی دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی دارشتنی هۆنراوەکەی، کە وەک بەشێک لە پەندی پێشینانی کوردی و مەتەڵ بە شێوازیکی هونەری کاریگەر ڕێکخراون، جۆرێک لە ئاواز و ترپەیان هەیە و کێش و سەروایان هەیە یان سەروادارن، بۆ نموونە لەم پەندانەدا (ئەو کەسە کەسە ئەلفێکی بەسە(.،) بە زستانان پینەوپەڕۆ بە هاوینان ورد ورد بڕۆ.) [عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ،٢٠١٠ :٨٨]، وشەکانی(کەسە و بەسە) و (پەڕۆ و بڕۆ) سەروادارن، لەبەرکردنی پەندەکانیان ئاسانتر کردووە بەو ترپە و ئاوازە، چونکە سەروا و سەرواداری لە زمانی کوردیدا لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکارناهێنرێت و تایبەتە بە ئەدەب، ئەنجامی ئەوەش لادانە لە زمانی گشتی و باو، کە شێوازێکی ئەدەبی بەرهەم دێنن؛ لەبەرئەوە گرنگە بە کورتی چەمکی لادان ڕوون بکەینەوە.

چەمکی لادان لە ژێدەر و ڤەکۆڵینێن ڕەخنەیی زۆربەی میللەتان بە وردی و قووڵی باسی لێوەکراوە چەندین بۆچوونی هەمەجۆری لەبارە خراونەتەڕوو؛ بۆیە وەک زاراوە چەندین زاراوەی لێکجیاوازی بۆ بەکارهێنراوە لەوانە(شکان، ترازان، خزان، گۆڕێن...هتد [صافیە محەمەد ئەحمەد،٢٠١٣:١٠-١٥] ئەمەش بۆ بڵاوی و قوڵی و پانتایی ئەو بنەمایەی شێوازی ئەدەبی دەگەڕێتەوە، کە لە ژانرە ئەدەبییەکاندا بوونی هەیە.

(ئەرەستۆ) بەیەکەم کەس دادەنرێت، کە باسی لێوەکردووە و دەڵێت:((ئەو زمانە شیعرییەی ناباوی تێدا بێ بەرزی و شکۆمەندی تێدایە و لە ڕووی ئاستی زمانی ڕۆژانەوە مەبەستم لە بەکارهێنانی وشەی ناباو وشەی خوازراو و وشەی درێژکراوە و هەر شتێکی ترە، کە لە حاڵەتی ئاسایی بەدەر بێت))[ئەرستۆ،٢٠٠٤ :٨٤]، ئەرستۆ بێ ئەوەی ناوێکە تایبەتی لێ بنێت باسی لە چەند شێوەیەکی لادان کردووە، بە جۆرێک هۆکارە بۆ پێدانی بەرزی بەو زمانەی تێیدا بێت. هەروەک دەبینین (جان کۆهین)یش بنچینەی ڕوانینی خۆی بۆ شیعرییەت لەسەر بنچینەی لادان دارشتووە و دەڵێت:((هیچ شیعرێک نیە خالی بێت لە لادان))[جان کۆهین،١٩٨٦:٨٥]. و لە شوێنێکی تردا بە ڕوونتر باسی لێوە دەکات بەوەی، کە((لادان لە نێو شیعردا تەنیا هەڵەیەکی مەبەستدارە، تا لە ڕێگایەوە بگەنە ڕاستکردنەوەکانی تایبەت



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بۆ خۆی))[جان كوهین، ٢٠٠٠ :٢٢٦] مەبەستی كۆهین لێرەدا ئەوەیە، كە بڵێت هەندێك هەڵە و سەرپێچیكردنی یاسا زمانییەكان هەن، كە لە ناو شیعردا بەهەڵە دانانرێت بەڵكو بە مەبەست ئەنجام دەدرێن و بۆ شێوازی چنینی شیعر ڕاستن. ڕەخنەگرێكی تر پێی وایە لادان((پێوەری جیاكەرەوەی نێوان ئاخاوتنی هونەری و ناهونەری یە)) [أحمد محمد ویس، ٢٠٠٥ :٢٧] گومانیش لەوەدانیە، كە ئەدەب بەشێكە لە هونەر بە گشتی و هەر ژانرێكی ئەدەبیش چەندین بونیادی هونەری تایبەت و جیاكراوەی خۆی هەیە؛ بۆیە ئەوە لادانە، كە هونەری بوون بە زمانیان دەبەخشێت. (أمیمة رواشدة) زۆر بە وردی بۆ چەمكەكە چووە و پێی وایە بەكارهێنانی زمانە لە لایەن داهێنەرەوە-گوزارە و پێكهات و وێنە-(( بەكارهێنانێك بەدەر لە هەموو ئەو شتانەی باو و ئاسایین، تاكو ئەدگاری داهێنەرانە بە بەرهەمەكەی ببەخشێت لە تایبەتمەندی و هێزی سەرنجڕاكێشان)) [أمیمة رواشدة،٢٠٠٥ :٤٣]، واتا لادان دەكرێت لە هەموو بونیاد و ژانرێكدا ئەنجام بدرێت و دەرخەری توانای لێهاتوویی داهێنەرە و ئاست و پلەكەشی پەیوەستە بە هێزی كێشكردنی وەرگر.

(هنریش بلیث) تیشك دەخاتە سەرخاڵێكی گرنگی تر و دەڵێت:((لادان دەبێت لەلایەك سەرپێچیكردنی پێوەرە ڕێزمانییەكان بێت لەلایەكی تریشەوە گرێدانی ئەو پێوەرانە بێت بە چەند یاسایەكی زیادكراو))[هنریش بلیث،١٩٩٩ :٣٦] واتا نووسەر و شاعیران ئەگەر لە چەند یاسا و بنەمایەكی زمانیش لابدەن ئەوا دەبێت چەند یاسایەكی تریش زیاد بكەن، بەمەش نوێگەری و داهێنان دێنێتە ئەنجام. ئەگەر لە هەموو ئەو بۆ چوونانە وردبینەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، كە لادان:

١- تێكشكاندنی یاساكانی زمانە.
٢- جیاكەرەوەی زمانی ئاسایی و هونەرییە.
٣- ئەگەرچی زیاتر پەیوەستكراوە بە شیعر بەڵام لە ژانرە ئەدەبییەكانی تریشدا بەرچاو دەكەوێت. بەڵام ڕێژەی چەندێتی و چۆنیەتی لە شیعردا بەرزترە.

لادان جگە لەوەی  جۆر و پلەی هەمەچەشنی هەیە و لە دەقێك بۆ دەقێكی تر و لە ژانرێك بۆ ژانرێكی تر لە قۆناغێك بۆ قۆناغێكی تری ئەدەبی دەگۆڕێت وە بە پێی سروشتی زمان و بونیادی هەنەری میللەتان جیاوازە؛ بۆیە چەندین پێوەری ناجێگیر و هەمەجۆر هەن بۆ بڕیاردان لەبارەی جۆر و شێوازی لادانەكە، هەروەك دەبینین لای ڕۆڵان بارت چێژ و پلەی سفری نووسین پێوەرە و لای رۆمان یاكۆبسن پەیوەستكراوە بە تەوەری جێنشینی و هاونشینی، كە سیستەمی هەر زمانێكی لەسەر بونیادنراوە و سەرپێچیكردنی هەر یەكێكیان لادان بەرهەم دەهێنێت.[صافیە محەمەد ئەحمەد،٢٠١٣ :٢٠]، وەك سەلمێنراوە ئەوەش لە دەقە ئەدەبییەكاندا بە شێوەیەكی چڕ بەرچاو دەكەوێت.


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكولینێن كوردی

سەبارەت بە دەق و ژانرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری ئەوەی دەکرێتە پێوەر ئەوانەن:

١- زمانی ئاسایی: یەکەمین پێوەری بنجی لادانە، چونکە بە دوورکەوتنەوە لەو زمانە و هەرکاتێک سەرپێچی یاسا و سیستەمەکانی کرا ئنجا زمانێکی کاریگەر و جیاوازتر بەرهەم دێت، ((ئەمەش بۆ ئەو مەبەستە دەگەڕێتەوە، کە نوسەر و شاعیران هەوڵی بۆ دەدەن بە زیادکردنی ئەرکێکی تر بۆ زمان، کە بریتییە لە کاریگەری و چێژ و جوانی؛ چونکە لە زمانی ئاساییدا بەها هونەرییەکان بوونێکی ئەوتۆیان نیە لە زمانی هونەریشدا بە هەمان شێوە بە نووسین بە زمانی ئاسایی کار لە خوێنەر ناکات و ناتوانێت ئەو مەبەستە بپێکێت؛ بۆیە زمانێکی بەرزتر و وروژێنەر دادەهێنیت))[صافیە محەمەد ئەحمەد،٢٠١٣ :٢١].

دەقی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ئەگەر لە بەکارهێنانی وشە و زاراوەی پەتی و فەرهەنگی وشەی ڕۆژانە و زمانی خەڵکی گشتی، کە لە سەرچاوەکان بڕیاری ئەوەی بەسەردا دراوە، کە بە زمانێکی سادە و ساکار گوتراوە و ئاسانی تێگەیشتن سیمایەتی، بەڵام لە لادان بەدەر نیە؛ لەبەرئەوەی نەبوونی زمانی ستاندار و دیارنەبوونی مێژووی نووسین و گووتنی دەقەکان و نادیاری خاوەنەکانیان، لەمپەرن لەبەردەم دەستنیشانکردنی چەندین جۆری لادان، کە ناتوانرێت بە شێوەیەکی زانستی و دروست بڕیاریان لە بارەوە بدرێت؛ بۆیە تەنیا لادانە زمانییەکان وەک ئەدگار بەخشێکی دەقی ئەدەبی فۆلکلۆری دیاری دەکرێن وەک (پێیرجیرۆ) دەڵێت:((شێواز لادانە بە ڕێگای چەندی دەستنیشان دەکرێت بە پێوانەکردنی بە ئاستی ئاسایی زمان))[جان کۆهین، ٢٠٠٠ :٣٧]، ئەو ئاستە ئاساییەی زمانیش لە ڕووی وشە و داهێنان و فەرهەنگەوە بەردەوام لە گۆڕان دایە، ئەوەی جێگیر و نەگۆڕە یاسا و دەستورە ڕێزمانییەکانن. لە تەوەری دووەمی ئەو توێژینەوەماندا بە نموونەی داستان و پەندی پێشینانی کوردی ئەوە ڕوون دەکرێتەوە.

٢- خوێنەر: پێوەرێکی گرنگ و سەرەکی دەستنیشانکردنی لادانە لە هەموو دەقێکدا، چونکە هەر ئەوە درک بە نوێگەری و جیاوازی و ناوازەیی ئاستی ئەو داهێنان و ئیستاتیکایە دەکات، کە بە لادان لە زمانی ئاسایی بەرهەم هاتووە، چونکە (( هەموو جۆرێکی ئەدەب لە بارودۆخێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی دیاریکراو سەرهەڵدەدات و گەشەدەکات، سروشت و پێکهاتەی خۆی لە زانیارییە کردەیی و تەکنکیەکانی ئەو بارودۆخە وەردەگرێت))[عبدالمنعم تلیمة،١٩٧٠ :١٣٨]؛ بۆیە خوێنەر یان وەرگر دەبێت زانیاری و شارەزایی و ئاستی هۆشیاری بەڕادەیەک بێت لەگەڵ ئەو سەردەم و قۆناغە مامەڵە بکات، کە دەقەکەی تێدا نوسراوە؛ چونکە هەم زمان دیاردەیەکە بەردەوام لە گۆڕان و گەشەسەندن دایە و هەم لادانیش جگە لە گۆڕانی بەردەوامی بابەتێکی ئاڵۆز و تەم و مژاوییە؛ بۆیە ڕەخنەگرانی ئەو بوارە پێیان وایە خوێنەری ئەو بوارە دەبێت زیرەک



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

و لێهاتوو و خاوەن ئەزموونی ئەدەبی بێت بە ((خوێنەری پسپۆڕ و کۆکەرەوە و توانادار و چالاک و لێزان ناودەبرێت)) [حسن ناظم،١٩٩٤ :١٧٣]؛ بۆ ئەوەی بە پێی ژانر و قۆناغی ئەدەبی و یاسا تایبەتەکانی ئەو زمانە جۆر و شێوازی لادانەکان دەستنیشان بکات، چونکە هەندێک لادان بۆ سەردەمێک نوێ و تازەن بەڵام بۆ سەردەمێکی تر هیچ نوێکەرییەکیان تێدا نییە و سواون، بڕوانە:[صافیە محەمەد ئەحمەد،٢٠١٣ :٢٣-٢٨].

ئێمە لە تەوەری دووەمی توێژینەوەکەماندا ئەو جۆرە لادانە زمانییانە دەست نیشان دەکەین، کە لە داڕشتنی بونیادی داستانی فۆلکلۆری و پەندی پێشینانی کوردیدا ئەنجامدراون ئەویش بە پێوەری بەراوردکردنیان بە یاسا ڕێزمانییەکانی تایبەت بە زمانی کوردی  و ئەو سیستەمەی لە زمانەکەماندا پەیڕەو دەکرێت.

تەوەری دووەم: ئەرک و گرنگی لادانە زمانییەکان لە داستان و پەندی پێشینانی کورد دا

لادان وەک بنەمایەکی شێوازی ئەدەبی چەندین شێوە و جۆری هەیە بە پێی ژانر و قۆناغ و خودی نووسەر، بەردەوامیش لە گۆڕان و نوێبوونەوە دایە؛ بۆیە لادانێک، کە ئەورۆ یان لە ژانرێکدا دەگمەن و نوێ بێت لە وانەیە بۆ قۆناغ و ژانرێکی تر کۆن بێت بە پێچەوانەوەش؛ بۆیە لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتییەوە ڕێژەکە گۆڕانی بەسەردا دێت، هەروەک (جان کۆهین) جیاوازیکردووە لە نێوان هەرسێ قۆناغی(کلاسیکی- ڕۆمانسی- ڕەمزی) و گەیشتە ئەو ئەنجامەی، کە بە پێی قۆناغ ڕێژەکان دەگۆڕێن [جان کۆهین،١٩٨٦ :٤١] . بە پێی تیۆری کەمترین وزە(پاراستنی وزە) دەکرێت لێکدانەوەی بۆ بکرێت، زۆرینەی ئەو گۆڕانانەی بەسەر زماندا دێن لە ئاستی دەنگدا دەگەڕێنەوە بۆ ( ئەو ئارەزووەی کە لە مرۆڤدا هەیە، بۆ ئاسانکردنی دەربڕین بەواتایەکی تر هەموو گۆڕانێک بە مەبەستی سوککردنی ئەو ئەرکەیە، کە دەکەوێتە سەر ماسولکەکانی ئەندامانی ئاخاوتن بە پێیە هەریەکە لە "توانەوە و کرتاندن و جیابونەوە و جێگۆڕکێ و بەرزبوونەوە و سوک بوونی واتا و گۆڕان لە ڕیزبوونی کەرەستە و پابەندبوون و لەناوچوونی ئامراز..." هۆکارن بۆ کەمکردنەوەی ئەرکی دەربڕین.) [محەمەد مەعروف فەتاح،١٩٩٠ : ١٢٥] کەواتە ئەو گۆڕانانەی بەسەر زماندا دێن بەشێکیان دەچنە خانەی لادانی زمانی زۆربەی گۆڕانکاریەکان لە پێناو مانەوە و پاراستنی وزەی خەرجکراوە، سەرەڕای پاراستنی واتا و کێش و سەروا و قافیەی هۆنراوە و ئەو پەخشانانەی کە کێش وسەروایان هەیە، کەواتە لە زۆر ڕووەوە و لە ڕوانگەی تیۆرە جیا جیاکانەوە لێکدانەوە بۆ ئەم دیاردانە کراوە، هەریەکەشیان ڕوو بە ڕووی ڕەخنە پێشنیار و بۆتەوە کەواتە تاکە تیۆریەک بەس نابێت بۆ لێکدانەوەی ئەو هەموو گۆڕانە ئاڵۆزانەی بەسەر زماندا دێت، چونکە خودی زمان پێکهاتەیەکی تێکچڕژاوی زیندووی ئاڵۆزە، بەردەوام لە گۆڕاندایە، دەگونجێت هۆکاری بەهێز و هۆکاری لاوازمان هەبێت بۆ هەر یەکەیان[دەروون عەبدولڕەحمان سالح،٢٠١٢ :٦٨-٦٩]. لادان لەناو دەقی ئەدەبیدا چەند



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەركێك دەبینێت، ئەو ئەركانەش نێرەر ئەنجامیان دەدات و وەرگریش دەیاندۆزێتەوە بە پێی لێكدانەوە و سیاقی بەكارهێنانی واژەكان (د. منذر عیاشی) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((هەموو دەقێك ئەركی تایبەتی خۆی پێكدێنێ، ئەم ئەركانەش لە میللەتێك بۆ میللەتێكی تر، لە قۆناغێك بۆ قۆناغێكی تر، لە شارستانییەك بۆ شارستانییەتێكی تر جیاوازە)) [منذر عیاشی،٢٠٠٩:٥٢]. دەقە فۆلكلۆرییەكان بە گشتی- لە ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی – بەتایبەتی چەندین ئەرك و بەهایان لە ناواخنی خۆیاندا هەڵگرتووە و لادان لە چنینی زمانی ئەو دەقانە چەندین ئەركی هەمەجۆری بینیوە، لەم تەوەرەی توێژینەوەكەمان دا كۆمەڵێك لە لادانە زمانییەكان لە هەردوو ژانری داستان و پەندی پێشیناندا دەست نیشانكراون و گرنگی و ئەركیان خراوەتەڕوو، كە بریتیین لەمانەی خوارەوە:

**یەكەم: لادانی دەنگی**

دەنگ بەسەرەتاییترین كەرەستەی ئاخاوتنی مرۆڤ دادەنرێت، كە وابەستەی چەندین یاساو ڕێسای تایبەتە و دەنگەكان لە سنوری بڕگە و مۆرفیمەكان پێكەوە دێن، لادانی دەنگی ئەو لادانە دەنگیانە دەگرێتەوە، كە بەپێی یاساكانی فۆنۆتاكتیك بەسەر دەنگێك یا زیاتردا دێت [عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵلا، ٢٠٠٨ :٩٠]، نوسەر یا هۆزانڤان دەكۆشێت بۆ بەدەستهێنانی سەروا و ئاوازەی دێڕەكان و یا بۆ ئابوریكردن ئەم كۆت و بەندانە تێكدەشكێنێت و یا بڕگەیەك كەم یان زیاد دەكات یا پێكهاتەی بڕگەكە دەگۆڕێت، بەمەرجێك واتای مەبەست لەدەست نەدا، ئەمەش چەند شێوازێكی هەیە:

١- كرتاندن: بریتییە لە كرتاندنی دەنگێك یان زیاتر لەسەرەتا یا ناوەڕاست یا كۆتایی وشە. [عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵلا، ٢٠٠٨ :١١٦] هەروەها (نەریمان خۆشناو) پێیوایە (تێچونی دەنگ بریتییە لە تێچونی دەنگێك یان زیاتر لە دەنگێك لە مۆرفیمێك یا وشەیەك ئەم تێچوونەش كە لە وشە یان مۆرفیم ڕوودەدات، بە مەبەستی ئاسانكردنی دەربڕینە، تێچونی دەنگیش لە چەندن) [نەریمان خۆشناو، ٢٠١٤: ٨٢] بۆ نمونە لە داستانی قەڵای دمدمدا، شاعیر لەسەر زمانی شا عەباس دەڵێت:

شا عەباس دەڵێت: حەسەن خانە!
بڵا بكەین تەگبیر و ڕایانە،
بەسەرمان داهات زستانە،
زستان چوو و ڕابرد هاوینە،
ڕابـــــە بەدڵ و یەقینە،
زووكە شوغلم بۆ پێكبێنە،
دمدم لە بۆ بستینە [ئۆسكارمان،٢٠٠٦ :١٣٦]



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

له كۆپلەیەدا پێنج كاری داخوازی تێدان (بكەن، ڕابە، زووكە، پێكبینە، بستێنە ) تەنیا لە نیوەدێری (زووكە شوغلم بۆ پێكبێنە) دوو كاری داخوازی تێدا دەبینرێن، كە هەردوو كارەكە بەپێی یاسای دروست نەبوون، كە یاسای كاری داخوازی بریتییە لە (ب + ڕەگی كار+ جێناوی لكاوی (ە یا ن)) لە بنەڕەتدا بەم یاسایە كاری داخوازی دروست دەكرێت (زوو+ ب + ڕەگی چاووگی كردن (كە)= زووبكە)، كەچی دەبینین (زووكە ) بەكارهاتوە، دەبوایە ( زووبكە) بوایە، كاتێك دەنگی /ب/ كرتێنراوە و لە دوو بڕگە پێكهاتوە، سەروا یەكی خۆش دەدات بە هۆنراوەكە، كە لە ڕووی فۆنۆلۆجیەوە، لە دوو بڕگە پێكهاتوە، بڕگەی یەكەم لە (cv) دروست بووە، یاسای بڕگەی دووەم ((cvc = بكە) بووە) دواتر گۆڕاوە بە (cv) ئاسانتربوە لە دەربڕین و پێدانی ریتمێكی سوار بۆ گونجاندن لەگەڵ نیوەدێڕەكانی پێش و پاش خۆی. ئەمەش بەلابردنی دەنگی /ب/. دیسان لە وشەی (پێكبێنە) كە لە بنەڕەتدا وشەكە (پێكبهێنە) یە. كە بە پێی یاسا (پێك + ب + ڕەگی چاوگی هێنان ( هێن) + جێناوی لكاوی (ە یا ن) ) = پێكبهێنە ) ڕەگەكەی (هێن) لە چاوگی(هێنان) وەرگیراوە، كەچی دەنگی /هـ/ كرتێنراوە، لە كۆپلەیەكی تردا دەڵێت:

خاتونێك دێتە مەیدانێ
لە دڵی خانی دەدا تانێ
لێت حەرام بێت جێی كابانێ
ئاو نییە پێ بكەین شێلانێ[ئۆسكارمان،٢٠٠٦ :٢٣]

لادانی دەنگی لە دێری ( لە دڵی خانی دەدا تانێ.) لە وشەی (دەدا) كە لە بنەڕەتدا (دەدات) ڕویداوە، بە مەبەستی گونجاندنی لەگەڵ سەروای پاش و پێش خۆی. ئەمانە هەموویان لادانن لە یاسا بنەڕەتییەكانی زمانی كوردی، كە دوا جار كاریان لە زمانی قسەكردنیش كردوە، هەروەها لە كوردەواریدا ئەم پەندە گوتراوە كە دەڵێت:

(دانی لێ تیژ كردوە) [شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٨ :١٨٤]

لادان لە كرتاندنی دەنگی /د/ ئەنجامدراوە و لە وشەی (ددان) دا ئەم دەنگە دەنگێكی وەستاوی گڕە، دەربڕینی دوو دەنگی كۆنسۆنانتی وەستاوی گڕ بەدوای یەكدا وزەی زیاتری دەوێت؛ بۆیە كرتاندنی یەكێكیان وشەكە ئاسانتر دەكات بۆ دەربڕین. هاوكات لە پەندێكیتردا و گوتراوە:

(سەری دوو بەرانان لە مەنجەڵێكا نا كوڵێ.)[ شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٨ :٢٤٧ ]

كرتاندن بە سەر هەردوو وشەكانی (مەنجەڵیكدا، ناكوڵێت) دا بەسەر دەنگی /د/، /ت/ دا هاتووە، بەمەش ئیكۆنۆمی لە كرتاندنی دەنگ كردووە. (توانەوە و جێگۆڕكێ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

و کرتاندن بۆ نموونە زیاتر لەو ئەو هێشوە دەنگانە کەرت دەکەن و لەو دەنگانە ڕزگارمان دەکەن کە قورسن و قەبەن و بە ئاسانی بۆمان دەرناهێنرێن) [محەمەد مەعروف فەتاح، ١٩٩٠: ١٢٥] دەنگی /د/ ، /ت/ دوو دەنگی وەستاون و لە دەربڕین ئاسان نین؛ بۆیە کرتێنراون. کرتاندنی دەنگی /ت/ ی کۆتایی لە کاردا زۆر باوە، بۆ نموونە سەیری ئەم نموونەی خوارەوە بکە:

(شەو دەڕوا و، ڕۆژ دەڕوا، قەزاو بەڵا ناڕوا)[ شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٨: ٢٧٦]

لەم نموونەی سەرەوەدا دەنگی /ت/ کرتاوە لە بە مەبەستی ئاسان دەربڕین هەریەکە لە کاری (شەو دەڕوات، ڕۆژ دەڕوات، قەزاو بەڵا ناڕوات) هیچ گۆڕانێک بەسەر سەروا دا نایەت، هەمان واتا دەدات بەدەستەوە.

٢- زیادکردن: بریتییە لە زیادکردنی دەنگێک یا زیاتر بۆ وشەیەک، کە بە گشتی لە کۆتایی وشەدا بۆ ڕێکخستنی ئاواز و گونجانی کێش و سەروا زیاد دەکرێت. بۆ نمونە:

شا عەباس دەڵێت: حەسەن خانە!
بڵا بکەین تەگبیر و ڕایانە،
بەسەرمان داهات زستانە،
زستان چوو و ڕابرد هاوینە،
ڕابـــــە بەدڵ و یەقینە،
زووکە شوغلم بۆ پێکبێنە،
دمدم لە بۆ بستینە [ئۆسکارمان،٢٠٠٦ :١٣٦]

لێرەدا کاتێک سەیری دێڕی(١، ٢، ٣، ٤، ٥) بکەین دەبینین دەنگی /ە/ لە کۆتای زیادکراوە بە مەبەستی ڕێکخستنی ڕیتم و ئاوازەی دێڕەکان، ئەگەر (خان) بە بێ / ە/ وەرگرین یەک بڕگەیە، بەڵام ئەگەر/ە/ وەرگرێت دەبێتە دوو بڕگە(خا.نە) بەدەر لەوەی کە بە دەنگی بزوێن کۆتایی بە سەرواکە دێت، بۆ نموونەکانیتریش هەر ڕاستە و بە بێ دەنگی /ە/ واتای هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نایەت، بەڵام لەگەڵ سەرتۆپی کۆپلەکە کە دێرەکانی (٦، ٧) کە دەرەنجامی کۆپلەکە لەوێ دەردەکەوێت، ڕێک ناکەون؛ بۆیە بۆ خۆش دەربڕینی دێرەکان بەتایبەت لای شایەرانی کورد کە دەماو دەم بە گۆرانی دەیڵێنەوە. هاوکات ئەگەر سەیری ئەم کۆپلەیە بکەین، کە دەڵێت:

وەدەرکەوت لە ئیسفەهانێ
لە قۆشەنێ لە توغیـــانێ
داروبەرد هاتە هەژیــانێ
تۆز گرتی بەری ئاسمانێ [ئۆسکارمان،٢٠٠٦ :١٣٧]



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

لێرەدا بەهەمان شێوە دەنگی /یَ/ زیادکراوە لە کۆتایی نیوەدێڕەکاندا، تاکو سەروا و ئاوازە و مۆسیقایەکی خۆش و ئاسان بە شعرەکە بدات، بڕگەیەکی کراوە لە کۆتایی نیوە دێرەکان زیاد دەکات.

٣- گۆڕین: بە گۆڕینی دەنگێک دەگوترێت بە دەنگێکیتر، ئەمەش دیاردەیەکە زیاتر بۆ هاوئاهەنگبوونی سەرواى دێرەکان بەکاردێت، هەندێکجار شێوەزار کاردەکاتە سەر دەقی دەربڕاو گۆڕینی دەنگ ئەنجام دەدرێت.

(قسەیەک ئەکەم بە مانا، ئەگەر ژیریت بزانا.) [عەلی مەعروف شارەزووری،٢٠١٠ :٢٣٣]

لێرەدا وەکو مەتەڵ ئەم پەندە ئاڕاستەی بەرامبەر دەکرێت، دەیخاتە ژێر پرسیار کە واتای قسەکەی بزانێت، لە وشەی (بزانا) دا دەنگی /ا/ ی کۆتایی گۆڕاوە لە بنەڕەتی زماندا (بزانە) واتە تۆ بیزانە، بەڵام ئەم بزوێنە کورتەیان گۆڕیوە بۆ بزوێنی درێژ، کە لە ڕووی سیمای دەنگی زۆر لێک نزیکن و لەگەڵ ریتمی نیوە دێری پێش خۆی دێتەوە. هەروەها لە بەیتی (جوڵندی) کە یەکێکە لە بەیتە خۆش و بەناوبانگەکانی ناو گەلی کورد، کە لە (توحفەی مزەفەریە) دا باسکراوە.

لە جێی ئیمامی عومەر و حەزرەتی عەلی نەوجوانە
شەڕیان دەگەڵ جوڵندی دەکرد، تابیان نەهێنا ئەو بەستە زمانە
تفاقی دوازدە ئەسحابانە، هەر دوازدەیان لێ کوشتن
دەست و باسکی بە خوێنێ داڕشتن
بە خەندەقی چل گەز قوڵ و بەریندا ڕۆیشتن
ئەگەر ئەسحابە وایان زانییە
هەمووی شین و واوەیلا و گرییە
پاک ئیجماعی کرد، هاتە کن خۆشەویستی ڕەببیە
دەڵێن: یا ڕەسوڵلایە ببین بە قوربانی سەرییە!
ئیمامی عومبەر و عەزرەتی عەلی لە ماڵ نییە
ئەو کافرە هەمان قڕ دەکا چارمان چییە؟
ڕەسووڵی خولای فەرمووی: (مەترسن هومێدمان ڕەببیە.) [ئۆسکارمان، ٢٠٠٦: ٤٥٤]

جێگۆڕکێی دەنگی زۆر هەیە، بۆ نموونە وشەی (لەگەڵ) بە (دەگەڵ) دەردەبڕن، یان وشەی(ئومێد) بە وشەی(هومێد) دەردەبڕن، کە /ئ، هـ/ لە شوێن و سازگەی دروستبووندا زۆر لێک نزیکن ئەمەش لەم بەیتەدا زۆر ڕەنگی داوەتەوە، کەواتە لە گۆڕینی دەنگدا زۆربەی جار دەنگێک بە دەنگێکی تر دەگۆڕێت، کە لە سیمای دەنگی لێک نزیک بن،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هەروەها لە وشەی (دوازدە) کە پێکهاتوە لە (دوو + دە) [نەسرین فەخری، ٢٠٠٠: ٣٩] دوو دەنگی /ا/ و /ز/ زیادکراوە، لە وشەی (عومەر) زیادکردنی دەنگی /ب/ هەیە، بە(عومبەر) دەریان بڕیوە و کاریگەری شێوەزاری ناوچەیی پێوە دیارە، بە ئاشکرا زیادکردنی ئەم دەنگە دەبینرێت لە پێناوی ڕێکخستنی کێش و سەروای دێڕەکان بە کاریگەری شێوەزاری ناوچەیی، کەواتە لێرەدا دەگەینە ڕاستییەک دەنگ گرنگترین ڕۆڵ دەگێڕێت لە دەربڕینی داستانە فۆلکلۆرییەکان و بۆ ئەوەی بەو زمانە سادەیە بە ئاسانی بگاتە بەرامبەر و لێی تێبگات، سەروای دێڕەکان ڕێک و لەباربن، ئەمە لەو پەندانەش دەردەکەون، کە لە دوو نیوە دێڕ یان زیاتر پێکهاتوون.

**دووەم: لادانی وشەیی**

ئاستی پێکهاتەیی لە شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی داستان و هۆنراوەدا، هەندێکجار دەتوانرێت نوسەرەکەی پێبناسرێتەوە و یا دەستنیشانی کات و سەردەم بکات و ڕێبازی نوسینەکەی پێ دیاری بکرێت؛ بۆیە وشەکاری چنینی دێڕەکان هەڵگری وزەن و توانایەک دەبەخشن و گیانێکی نوێ بە بەر دەقی ئەدەبیدا دەکەن، هەموو تاکێک خاوەنی فەرهەنگێکی وشەیی خۆیەتی بە تایبەت نوسەران، دەقی نوسراویش بەوە گیانێکی نوێ و تازەی بەبەردا دەکرێت و فەرهەنگی دەوڵەمەندتر دەبێت، لە ڕێگەی لادان لەو دەستور و یاساباوانەی، کە خەڵکی ئاسایی پێی دئاخڤن [شێرزاد عەبدوڵا قادر، ٢٠١٤: ٥٤] سەرەڕای ئەوەی، کە چنین و دروستکردنی ڕستە و دەق چەندە گرنگ و پڕ بەهان، بەڵام وشە لە کتێبە تیۆری و ڕەخنەییە کۆن و نوێیەکاندا بە ڕەگەزێکی بنچینەیی زمانی دەقی شیعریی دانراوە، بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی بەهای دەقەکەی؛ لەبەر ئەوەشە دەڵێن: وشە بۆ نووسەر وەك ڕەنگە بۆ وێنەکێش، کاتێك وێنەکێش بە کارە هونەرییەکەی هەڵدەستێت، یەکەمجار ڕەنگەکەی هەڵدەبژێرێت، بە گوێرەی پێویستی بابەتەکەی، نووسەریش بە هەمان شێوە یەکەمجار وشەکان هەڵدەبژێرێت [صافیە محەمەد ئەحمەد، ٢٠١٣ : ٥٥]. لادان لە ئاستی وشەدا لە زۆر ڕوانگەوە دابەشکراوە و جۆرەکانی لێک جیاکراوەتەوە، بەڵام مەرج نییە هەموو جۆرێکیان گونجاو بێت لەگەڵ ئەو دەق و ژانرانەی لێرەدا وەرگیراون، لە خوارەوە ئاماژە بە چەند نمونەیەک دەدەین:

١- لادانی شێوەزاری: بریتییە لە بەکارهێنانی هەندێک وشەی ناوچەیی، کە لە شێوەزارێکی تایبەت بەکاردێت و دەگونجێت خاوەنی دەقەکە بەو شێوەزارە بدوێت، یان پێی کاریگەر بێت، یان بە مەبەستێکی تایبەت ئەم جۆرە وشانە بەکار دەهێنێت و لە شێوە ستانداردەکە لادەدات. بۆ نموونە:

-٢

(دار نەبێ ڕژوو لە کوێ ئەبێ)  [شێخ محەمەدی خاڵ :٢٠٠٨: ١٨٢]

لێرەدا، ئەگەر سەنجی وشەی(ڕژوو) بدەین لە ڕووی فەرهەنگییەوە دەبینین لە شێوە ستانداردەکە ڕژوو بەکارناهێنرێت، بەڵکو (خەڵوز) لەبەرامبەر (ڕژوو) بەکاردێت، هەرچەندە لە هەندێک گۆڤەردا ماوە. وشەی (ڕژوو، ڕژیی) بەکار دەهێنرێت.

(دار لە شوێنی خۆی ڕاقەنێ هیشک ئەبێ) [هەمان سەرچاوە]

لەم پەندەدا هەریەکە لە وشەکانی (ڕاقەنێ، هیشک) دوو وشەن، کە لە شێوەزاردا بەکاردەهێنرێن و بەواتای(بەربوونەوە، وشکبوون) کە لە پەندی کوردیدا ئەم جۆرە وشانە بەکارهێنراون، لە ئێستادا بەشێکی زۆر لە ئاخێوەرانی زمانی کوردی لێی تێناگەن، لادان لە ئاستی وشەدا کراوە، هاوکات بەشێکی زۆری پەندی پێشینان مێژووی زۆر کۆنە، گۆڕانی زۆر بەسەر فەرهەنگی زماندا هاتووە و هەرچەندە لەگەڵ گۆڕانی فەرهەنگی زمان فەرهەنگی پەندیش گۆڕاوە، بەڵام تاڕادەیەکی زۆر پارێزگاریان لە فەرهەنگ و وشە و داڕشتنی خۆیانکردوە، بۆ نمونە گوتراوە:

(کتک نە ل ماڵە، ناڤێ مشک: میرزا محەمەد حەماڵە)  [عەلی مەعروف شارەزووری، ٢٠١٠: ٢٣٧]

لەم پەندەدا وشەی(کتک) بە واتایی (پشیلە) دێت، کە لە شێوەزاری هەندێک دەڤەردا هێشتا بەکاردەهێنرێت، هەر ئەمەیە زۆرجار پەند  دەبێتە هۆی بە زیندوو مانەوەی هەندێک وشە کە لە لەناڤچون دەیانپارێزێت. هەندێک لە وشە ڕەسەنەکانی زمانەکە زۆر جار بەرەو کەم بەکارهێنان دەچن، وشەی تری جێگەی دەگرێتەوە جا چ هی زمانەکە خۆی بێت، یان وەرگیراو(قەرزکراو) بێت.

٢- لادان لە یاسایی کۆکردنەوە: یاساکانی کۆکردنەوە تایبەتمەندە بە ناو و ئەو کەرەستانەی وەکو ناو دەردەکەون، لە زمانی کوردیدا لە ڕێگەی مۆرفیمەکانی(ناو+ مۆرفیمی کۆ) کۆکردنەوە دەگونجێت ناوەکان کۆبکرێنەوە و تا ئێرە شتێکی ئاسایی زمانە، بەڵام لادان  لەم یاسایانە لە دەقەکاندا دەردەکەوێت، ئەوە مەبەستی بابەتەکەیە، بەواتایەکی تر مۆرفیمی کۆکردنەوە لەگەڵ بەشەئاخاوتن و کەرەستەی تر بەکاردەهێنرێن، کە ناو نییە. هەرچەندە ئەم جۆرە لادانە زۆر باو نییە، لە چاو جۆرەکانی تر.

حەسەن خان دەڵێ:  شا! بەسم لەسەر بکە ناز و ئەرجووان



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەگەر نەم ئەستان بەوان زووان

ڕەشم بکەن هەردوو ڕووان [ئۆسکارمان، ٢٠٠٦: ١٣٥٦- ١٣٧]

ئەگەر سەیری ئەم پارچەیەی داستانی قەڵای دمدم بکەین دەبینین وشەی (زوو) هاوەڵکاری کاتییە، هاوکات مۆرفیمی کۆکردنەوەی وەرگرتووە، کە لادانی لە یاسای کۆکردنەوەدا کردووە تاکو لەگەڵ سەرواى نیوەدێرەکانی تر بێتەوە.

سێیەم: لادانی ڕستەیی: ڕستە پێکهاتەیەکی گرنگی ئاخاوتنی مرۆڤە زۆربەی هەست و مەبەستەکان لە ڕێگەی ڕستەکانەوە دەردەبڕدرێن، سینتاکسیەکانی هەر زمانێک یاسای پێکهاتنی خۆی هەیە، زمانی کوردی لەسەر بنەمای(بکەر(s)+ بەرکار(o))+ کار(v)) کاردەکات، ((هەر گۆڕانێک لە ڕیزبوونی کەرەستەکان، لە سنووری گرێکاندا ڕوودەدات، دەبێتە هۆی گۆڕانی ئەرکی سینتاکسی ڕستەکە و هەروەها لێکدانەوەی واتایی کەرەستەکان دەگۆڕێت)) [تالیب حوسێن عەلی، ١٩٩٨: ١٠] تێکدانی ڕیزبەندی یاسا گشتییەکانی ڕێزمان دەبێتە لادان لە ئاستی ڕستە، بەم شێوەیە:

١- کرتاندن:

أ/ کرتاندنی بکەر: برتییە لە لابردن و کرتاندنی بکەری ڕستە واتە ئەو بەشەی هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی کاری ڕستەکە.

(ژن تا جووتێ پێڵاو ئەکڕێ، هەزار جووت ئەدڕێنێ.) [شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٨: ٢٣٥]

لەم پەندەدا، کە لە دوو ڕستەی سادەی(ژن تا جووتێ پێڵاو ئەکڕێ (.،) ژن هەزار جووت ئەدڕێنێ.) پێکهاتووە، ڕستەی یەکەم هیچ گرفتێکی نییە، بەڵام ڕستەی دووەم (هەزارجووت ئەدڕێنێ) بکەرەکەی کرتێنراوە، پەیوەستە بە ڕستەی پێش خۆی، کە هەر مەبەستی بکەری ڕستەی یەکەمە کە (ژن)ە .

ب/ کرتاندنی نیهاد: نیهاد ئەو بەشەی ڕستەیە هیچ کارێک ناکات، بەڵکو سیفەتێک یا شتێکی دەدرێتە پاڵ، لە ڕستەی کاری ناوێزەی (ە، بوو، دەبێت) کە لە چاوگی (بوون) وەرگیراون، دەگونجێت کاتێک دوو ڕستە یا زیاتر بەدوای یەکتردا هاتن، ئەوا نیهاد جارێک دەربکەوێت دواتر لاببرێت(نەیەت).

(ژن بێ باوەڕیشە، خۆش باوەڕێشە.) [شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٨: ٢٣٥]

وشەی (ژن) ئەرکی نیهادی ڕستەی بینیوە هەواڵێکی لەبارەوە باسکراوە، لە بەشی دووەمی پەندەکەدا کە دەگوترێ(خۆش باوەڕیشە) نیهاد نەهاتووە، وشەی(ژن) دەبێتە نیهادی ڕستەی دووەمیش وەک ئەوە وایە بگوترێت(ژن بێ باوەڕیشە. ژن خۆش باوەڕێشە.) هەمان ڕۆڵ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەرک دەبینێت. لە ڕێگای سودوەرگرتن لە یاسا سینتاکسیەکان هەر دوو بەشەکە پێکەوە دەبەستێتەوە، هەروەها دەگوترێت(ئاقڵ تاجی زێڕە،/ سەرێ هەموکەسیدا نیـیە) [قەناتی کوردۆ (کوردۆییێڤ)، ١٩٧٦: ٢٢٢] لێرەدا کرتاندنی نیهاد ڕویداوە کە (ئاقڵ)ە.

پ/ کرتاندنی بەرکار: بریتییە لە کرتاندنی بەرکاری ڕستەکە، کە جگە لە بکەر و کار ئەو بەشەی بەر هێزی کارەکە دەکەوێت و واتای ڕستەکە تەواو دەکات پێی دەگوترێت بەرکارو دەگونجێت ئەو بەرکارە (ڕاستەوخۆ یا ناڕستەوخۆ) بێت، بەشێوەیەکی گشتی و لەباری ئاساییدا دەردەکەوێت و واتای ڕستەکە ڕونە، بەڵام هەندێکجار دەگونجێت بەرکار بکرتێنرێت و لە ڕستەدا دەرنەکەوێت و واتای ڕستەکە لێڵی دەبێت، ئەگەر زانیاری پێشینەیی باس نەکرابێت، بۆنموونە گوتراوە:

(کە خوا دای پێغەمبەریش چنگێکی ئەخاتە سەر) [شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٨: ٢٩٧]

لەم پەندەدا بەرکاری ڕاستەوخۆ هەیە، کە نەهاتوە(کە خوا ...... دای، ) ئەو کەرەستەیەی ئەم بۆشایە پڕبکاتەوە دەبێتە بەرکاری ڕاستەوخۆ، دەتوانرێت بۆ زۆر شت بەکار بهێنرێت، واتە بەهەر کەرەستەیەکی گونجاوی وەک (ناو، جێناو، ئەوانەی ئەرکی ناو دەبینن) پڕ بکرێتەوە و ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆ دەبینن. هەروەها ئەم پەندە جوانتر ڕوونی دەکاتەوە:

(شێرکە پیربوو، ڕێوی دەمی تێ ئەژەنێ) [شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٨: ٢٧٢]

لێرەدا بەرکار لابراوە کە (شێری پیر)ە، کەواتە دەگونجێت بەم ڕستەیە دەرببڕدرێت (ڕێوی دەمی لە شێری پیر ئەژەنێ) لێرەدا بەرکاری ناڕاستەوخۆیە، نەهاتوە و دەرنەکەوتووە، هاوکات لەم پەندەشدا کە دەڵێت:

(قەساب کاتێ ئاشنایە، گۆشتی لێ قەرز نەکەیت) [شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٨: ٢٨٥]

لە ڕستەی دووەمدا (قەساب) نەهاتوە ڕستەکە ئەم واتایە دەگەیەنێت (گۆشت لە قەسابی ئاشنا قەرز مەکە.) لێرەشدا بەرکاری ناڕاستەوخۆ (لە قەساب) کرتێنراوە.

ت/ کرتاندنی کار: لە کاتی ئاخاوتن و گفتوگۆدا دەگونجێت ئەم جۆرە لادانە دروست بێت، هەرچەندە لە ئاخاوتندا زمانی جەستە و ئاوازە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە گەیاندنی واتادا، لەدەقە ئەدەبیەکانیشدا ئەم لادانە دەبینرێت، بە شێوەیەکی گشتی ڕستە بەبێ کار نابێت، بەڵام ئەگەر کار لە ڕستەیەکدا لابرا پێیدەڵێن کرتاندنی کار.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

(شەڕ بە شیر، مامەڵە بەدراو)، (شەڕ بە چەک، مامەڵە بە پارە) [شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٨: ٢٦٣]

ئەگەر سەرنجی ئەم دوو پەندە بدەین هاو واتایی یەکترن، لە هەردوو بەشی پەندەکان کار کرتێنراوە. کارەکەش بریتییە لە کارێک لە چاوگی(کردن) وەربگیرێت (شەڕ بە شیر دەکرێت/ بکە، مامەڵە بەدراو دەکرێت/ بکە) ، (شەڕ بە چەک دەکرێت/ بکە، مامەڵە بە پارە دەکرێت/ بکە) دەگونجێت کارەکە بکەرنادیار بێت(دەکرێت)، دەکرێ داخوازی بێت(بکە) و بدرێتە پاڵ کەسی دووەمی تاک و کۆ، ئەم شێوە لادانە لە داستانیشدا هەیە، بۆ نموونە لە زمان خاتوون ئەستێوە هاتووە، کە بەیت بێژی ساکار ئەو نەقڵەمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

نە ئەو ماڵەم دەوێ، نە ئەو حاڵە
نە ئەو منداڵەم دەوێ، نە ئەو تفاڵە [ئۆسکارمان، ٢٠٠٨: ٥٥]

بەهەمان شێوە لەم دێڕەدا لە نیوە دێڕەکاندا کار کرتێنراوە، کە دەبوایە بگوترێت: (نە ئەو ماڵەم دەوێ، نە ئەو حاڵەم دەوێ- نە ئەو منداڵەم دەوێ، نە ئەو تفاڵە دەوێ) بەڵام لەبەر کاری پێشوتر نەیهێناوە.

٢- پاش و پێشخستن: ئەم شێوازەی لادان بریتییە لە پاش و پێخستنی جێکەوتەی کەرەستەکانی ڕستە، لادان لە یاسا گشتی و تایبەتیەکانی پێکهێنانی ڕستە لە زمانی کوردی دەکات، زۆرجار لەبەر پێویستی و گرنگی سەروا و کێشی هۆنراوە بێت، یا هەر مەبەستێکی تری، کە بووبێتە هۆکاری ئەم لادانە، بۆ نموونە لە داستانی قەڵای دمدمدا هاتوە و دەڵێت:

شیران نەیاندی کێلانە
لەش کەوتبون وەک گردانە
خوێن ڕۆی وەک جۆگانە
باڵچۆغەی شێران نەمانە
شەهیدیان کرد کاکە خانە [کامەران موکری، ١٩٨٤: ٦٩]

لەم کۆپلەیەدا(نەیاندی، کەوتبوون، ڕۆیی، شەهیدیانکرد) ئەمانە کاری ڕستەن و پێشخراون و ڕیزبەندی یاسای دروستبونی سینتاکسیان نەکردوە، بەڵام وێنە واتایەکی نوێیان هێناوەتە کایەوە. واتە لادان لە کارەکانی ڕستەکاندا ئەنجامدراوە، کە بە یاسای (بکەر+ بەرکار+ کار) دروست نەبوون، هەروەها لە پەندی کوردیدا گوتراوە:

(زۆر کە هات، قەواڵە بەتاڵە.) [شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٨: ٢٣١]



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لێرەدا بە پێی یاسای رستەی مەرجی(زۆر کە هات) پاڕستەیە و( قەواڵە بەتاڵە.) شاڕستەیە، بە شێوە ئاساییەکەی دەبێ بگوترێت(کە زۆر هات، قەواڵە بەتاڵە.) پاش و پێشی ئامرازی لێکدەری مەرج و بکەری پاڕستە، سەرەڕای جێگۆڕینی شا ڕستە و پاڕستەیە.
هەروەها لە پەندەکانی:

(دیزە ڕەشەی دوو کون لە بنا، دەستە چەورەکەت سوو بەسەر منا.) [شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٨: ٢١٧]

لە بەشی دووەمی پەندەکەدا (دەستەچەورەکەت سوو بەسەر منا)، لێرەدا کاری رستەکە(سوو) پێش کەوتون، دەبوایە بگوترێ (دەستە چەورەکەت بەسەر مندا سووی) لادانی لە ریزبەندی جێکەوتەی کاردا ئەنجامداوە. کاری (سوو) پێش بەرکاری ناڕاستەوخۆ کەوتوە، کە (بە سەرمنا)یە. ئەمەش لە یاسای (بکەر+ بەرکار+ کار) لایداوە.

(دێو کەمبوو لە دێوەڵان، ئەوەش هاتە سەربانی کوندەڵان.) [شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٨: ٢١٨]

لێرەدا (ئەوەش هاتە سەربانی کوندەڵان) پێشخستنی کار کراوە و لەبەرامبەردا پاشخستنی بەرکاری ڕوویداوە. (ئەوەش بۆ سەربانی کوندەڵان هات) بە هەمان شێوە جێکەوتەی کاری(هات) گۆڕدراوە و جێکەوتەی بەرکاری ناڕاستەوخۆی (سەربانی کوندەڵان) گۆڕراونەتەوە . بەمەش سەروایەکی گونجاوی داوەتە پەندەکە .
٣- بە لووتکە کردن: بە لوتکەکردنی ئەو کەرەستەیەی، کە گرنگی زیاتری پێدەدرێت لە ناو ڕستەکەدا و پرۆجێکتەر دەخاتە سەر بەشێک یان کەرەستەیەکی ڕستە یان لە ڕستەی لێکدراودا کامیان گرنگە ئەوەیان پێش دەخرێت.

(دووکەڵی ماڵی خۆت، لە ئاگری شوێنان گەرمترە.) [شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٨: ٢١٣]

لێرەدا (دووکەڵی ماڵی خۆت) بەگرنگتر دانراوە؛ بۆیە پێشخراوە و جەختی زیاتری لەسەرکراوەتەوە، چونکە لە ڕاستیدا سیفەتێکی سروشتیە هەمیشە ئاگر لە دووکەڵ گەرمترە، بەڵام لێرەدا بە مەبەست دەیەوێت گرنگی بە دووکەڵی خۆیبدات، کە لە ئاگری کەسانیتر گەرمترە.
هەروەها کاکە مەم دەڵێ:

(خاتوونێ، کۆشکێ من بڵندە سەر لە حەوت تەبەقەی ئاسمانێ
خشتێکی زێڕە یەکێکی زیوە، وەستا دایانناوە لە کارخانێ) [ئۆسکارمان، ٢٠٠٦: ١٦٠]



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لێرەدا كاكەمەم، كە دەیەوێت زین بدوێنێ و قسەی بۆ بكات، گرنگی پێدەدات و دەڵێ (خاتوونێ) دەیكاتە سەرتۆپی دەستپێكی قسەكانی و وەسفی كۆشك و تەلاری خۆی دەكات و بە مەبەستی دەڵێت(خشتێكی زێرە و یەكێكی زیوە) چونكە ئافرەت زیاتر حەزیان لە جوانكاریە بەتایبەت زێڕ، هەم گرانبەهاترە لە نرخدا.

**چوارەم: لادانی واتایی:**

لادانی واتایی تایبەتمەندی خۆی هەیە لە دروستكردنی وێنەیەک بۆ گەیاندنی واتا، لادانی واتایی(شكاندنی یاساكانی دیوی ناوەوەی زمانن و پەیوەندیەكی پتەویان بە گۆڕینی مەبەست و واتا و تێگەیشتنەوە هەیە، واتا نەک هەر واتای سەردەم دەگۆڕن، بەڵكو دەبنە بار و ئەرک بۆ گوێگریش) [محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠٠٧: ١٨] بە شێوەیەكی یاسا و ڕێكاری خۆی بۆ گەیاندن و بەخشینی واتادا پەیڕەوی دەكات، كە ڕاستەوخۆ كاریگەری لەسەر دەروونی خوێنەر دروست دەكات؛ چونكە شاعیر و نوسەری داهێنەر بۆ دووركەوتنەوە لەو بەكارهێنانە واتاییە تەسكەی وشەكان لە فەرهەنگ دا هەیانە، هەوڵ دەدات هەندێك پەیوەندی و وێنەی نوێ لە ئەزموونەكەیدا دابهێنێت، كە لە زەینی خوێنەردا بوونی نییە، ئەمەش پێویستی بە هەندێك میكانیزم دەبێت، بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییە زانراوەی لە نێوان دال و مەدلول دا ئامادەیی هەبێت [سافیە محەمەد ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٠٦] ئەگەر دەقی ئەدەبی خاڵی بێت لە لادانی واتا هیچ وێنەیەكی نوێ و تازە بۆ بەرامبەر دروست نەكات، ئەوا وەكو ئاخاوتنی ڕۆژانەی لێدێت، ئەمانەش بەشێكن لەو لادانانەی، كە لە پەند و داستاندا بونیان هەیە:

١- زیادەگوتن: بریتییە لە درێژەدان بەواتای شتێک، كە پێویست ناكات ئەوەندە درێژ بكرێتەوە، واتە زیادەڕۆیی لە چەندایەتی گوتن دەكرێت، ئەمەش زیاتر لە هێنانی هاوەڵناوی زیاتر بۆ شتێک دێت و دەبنە دیارخەری، لەمبارەیەوە(جان كۆهین) پێیوایە، كە هەردەقێک هاوەڵناوی زۆری تێدابێت بە دەقێكی وەسفی هەژماردەكرێت.[ جان كۆهین، ٢٠٠٠: ١٣٤- ١٣٥] كەواتە ئەگەر هەڵاوسانی واتایی دروستبوو، ئەوا زیادەڕۆیی لە واتادا دروستبووە هەندێكجار دەق جوانتر دەكات، بەڵام هەندێكجار دەبێتە هۆی بێزاری بەرامبەر، وەكو:

لە پێشەوە مستێكی لە دەمی كاكە مەمی داوە
خوێن لەدەمی كاكەمەمی دەڕۆی وەک جۆگەو بەحرو ئاوە [ئۆسكارمان، ٢٠٠٦: ١٥٧]

لێرەدا لە دێری دووەمدا مەبەستی ئەوەیە بڵێت وەک ئاو خوێن بەدەمی كاكەمەمیدا دێتەخواری، بەڵام هەرسێ وشەی(جۆگە و بەحر و ئاوە) پێویست نەبوو، بە یەكێكیان واتای دەگەیاند.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكولینێن كوردی

هاوكـات له داسـتانی (مەحـمەڵ و برايمـی دەشـتيان) ئەم زيادەڕۆيه دەبينرێـت كه بەيتبێژەكان بۆيان تۆماركردوين و دەڵێ:

ئەگەر مەحمەڵ تەدارەكی گرت بە يەكجارەكييه
دەهات و لە خاتوون پەريخانێی دەكرد سەلام و سەڵاوە [ئۆسكارمان: ٣٩٧]

لێرەدا مەبەستی ئەوەیە، كه بەرامبەر تێبگەیەنێت، كە مەحمەڵ سڵاو لە پەريخانێ دەكات، پێویستی بە هەردو وشەی(سەلام و سەڵاو) نەدەكرد، بە یەكێكیان واتای تەواو دەبوو. هەروەها لە داستانی(خەزێم)دا هاتوە، كە دەڵێت:

خەزێم بزربوە تازیە لـــە لاوان
گریان زۆربووە بۆ بەڵەك چاوان
خەلق خەمگین بوون بێ سوچ و تاوان [ئۆسكارمان، ٢٠٠٦: ٤٧٥]

لێرەدا (سوچ و تاوان) دوو وشەنن كه هاومانای یەكن بە یەكێكیان واتای تەواو دەبوو، بەڵام لەبەر كێش و سەروای هۆنراوەكە هەردوكیانی هێناوە.
٢- پارادۆكسی: بریتییه له بەیەكەوە هاتنی دوو وشە یان دەستەواژە، كەبەیەكەوە كۆك نـین و گونجـاو نـین، بەڵام بە مەبەسـتێكی تـايبەت دەخـرێنە دەم یەكتر(حـاڵەتێكە بە رووكـارێكی پـێچەوانەی لۆژیـك و نەرێنـی ئەقـڵ دەردەكەوێـت، هاوكـات دەتوانرێـت لێكدانەوەیەكی ئەرێنی بۆ بكرێت) [Abrams،١٩٩٠: ٢٠١] كەواتە پارادۆكس زیاتر لە واتایەك لە خۆدەگرێت، كە واتایەكی نزیك و واتایەكی دوور. بۆ نموونە:

(زۆردار ئاوی سەرەو ژوور ئەڕوا) [شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٨: ٢٣١]

لێـرەدا پـارادۆكس دروسـت بـووە، ئـاو سـیفەتێكی هەیە، كە هەمیشـە بەرەو خـوار دەڕوات، لە بەرزی بەرەو نزمـی دەڕوات بە شـێوەیەكی سروشـتی، بەڵام لێـرەدا دەگـوترێ ئـاوی زۆردار بەرەو سەرەوە دەڕوات، پێچەوانەی واقیع بۆتەوە، واتـایەكی مەجازی دەبەخشێت. هەروەها لە پەندێكیتردا هاتووە، گوتراوە:

(ژووژوو وتـویەتی: ئاخۆكـیان لەبەر ببـێ بێچـوی لە بێچـوی مـن نەرم و شـلتر بـێ.) [شـێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٨: ٢٣٧]

هەمومان دەزانین كە(ژووشك) چەندە دڕك و دەرزیلەی ڕەق و تیژی پێوەیە، كەچی دەڵێ لە بەچكەی هەموو شتێك نەرم وشلترە، كە ئەمەش دوورە لە ڕاستی.


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

٣- دانەپاڵ: بریتییە لە پێدانی سیفەتێک بە شتێک ئەم سیفەتە بە نەشاز دابنرێت، بە واتایەکیتر بە هەڵپەساردن و دانەپاڵی وشەیەک بە وشەیەکیتر کە واتایان لە ڕوی لۆژیکەوە پێکەوە ناگونجێت، هەندێکجار وشەیەک بە وشەیەکیتر کە واتایان لە ڕوی لۆژیکەوە پێکەوە ناگونجێت [شێرزاد عەبدوڵا قادر، ٢٠١٤: ١٣٣] دەگونجێت هەم ئەرێنی یا نەرێنی بێت. کە زیاتر لە شێوەی لێکچواندن و دیارخەر و دیارخراوی دروست دەکرێن. بۆ نموونە:

(ئەڵێ ژاڵە بۆ وا تاڵیت؟ لەبەر برا مردن

گوڵت بۆ وا جوانە؟ لەبەر دۆست و دوژمن) [شێخ محەممەدی خاڵ، ٢٠٠٨: ٦]

ئەگەر سەیری ئەم پەندە بکەین دەبینین، کە سیفەتی قسەکردن و هەبوونی برای داوەتە پاڵ گوڵی ژاڵە، وەک مرۆڤێک دەریخستووە، بەڵام گوڵ نە توانایی قسەکردنی هەیە، نەدوژمن و دۆستیی هەیە. بە شاراوەی بە مرۆڤ کردن ڕوویداوە.

(ئەوەی پێم کرد خێرە، لێم بوو بە گورگ و شێرە)[شێخ محەممەدی خاڵ، ٢٠٠٨: ٦٣]

لێرەدا سیفەتی گورگی و شێری دراوەتەپاڵ مرۆڤ و بە ئاژەڵکراوە، کە مەبەست دڕندەیی و تێر نەخواردن دراوەتە پاڵ لایەک و چاکە لەگەڵ هەر کەسێک بکەیت، خۆت لە مەترسیدای.

لە داستانی قەڵی دمدم کە دەڵێت:

شیران نەیـــــــاندی کێلانە

لەش کەوتبوون وەکی گردانە [کامەران موکری،١٩٨٤: ٦٩]

سیفەتی دیتن تایبەتە بە مرۆڤ و زیندەوەران کە خوای گەورە چاوی بەخشیوە پێیان، بەڵام ئەم سیفەتە دراوەتە پاڵ شمشێر، بەمەش لادانی واتایی دروستبووە و پێی دەڵێن بە زیندەوەرکردن و وێنەیەکی جوانی هونەری دروستکردوە.

**ئەنجام:**

١- لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

٢- ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی زمانێکی شیعرییەت ئامێزی هەیە و لادان بۆتە بنەمایەکی بنجی دروستبوونی.

٣- لە ئەدەبی فۆلکلۆردا تەنیا لادانە زمانییەکان دەست نیشان دەکرێن، چونکە سەرەتاییترین دەقی ئەدەبین و پێش ئەوانە دەقی ئەدەبی تر نین، تا بتوانرێن لە ڕووی ناوەرۆک و بونیادەوە لادانەکان دەستنیشان بکرێن.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

٤- لادانی زمانی وەک بنەمایەکی شێوازی ئەدەبی لە پەندی پێشینان و داستاندا بوونی هەیە.

٥- لادانە زمانییەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو لەو دوو ژانرەدا بەرچاو دەکەون و چۆنیەتی و چەندایەتییان لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر دەگۆڕێت.

٦- لادانە زمانییەکان لە ئاستەکانی دەنگ و وشە و ڕستە و واتا بە چەندین شێوازی جۆراوجۆر لە داستان و پەندی پێشیناندا بەرچاو دەکەون.

٧- گرنگترین ئەرکی لادان لەو ژانرانە بریتییە لە چڕی و بە ئابوریکردنی زمان و بەرهەمهێنانی ئیستاتیکای دەق و قووڵکردنەوەی واتا.

٨- گرنگی لادان لە پەند و داستاندا هەندێک جار لە پێناو ڕێکخستنی کێش و سەروا و ئاوازی دەقەکەیە.

٩- پەنا بردنە بەر لادان سیمایەکی دەقی فۆلکلۆرە، بۆ ئەوەی بە ئاسانی لەبەربکرێت و پارێزگاری کردن لە تایبەتمەندییەی خۆی بکات، کە بریتییە لە گێڕانەوەی دەماودەم و مانەوەی پشتاوپشت.

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوە کوردیەکان:


١- ئەرەستۆ، هونەری شیعر، وەرگێڕانی عەزیز گەردی، دەزگای چاپی ڕێنما، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٢- ئۆسکارمان، تحفەی مظفریە، ساغکردنەوە و هێنانە سەر ڕێنوسی کوردی (هێمن موکریانی)، بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦.

٣- تالیب حوسێن عەلی، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٨ .

٤- دەروون عەبدولڕەحمان ساڵح، ئیکۆنۆمی لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ، ٢٠١٢.

٥- شوکریە ڕەسول(د.)، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، دەزگای میوزیک و کەلەپوری کوردی هەولێر، ٢٠٠٨.

٦- شێخ محەمەدی خاڵ، پەندی پێشینان، دەزگای سەردەم، ٢٠٠٨.

٧- شێرزاد عەبدوڵڵا قادر، لادان لە شیعری ڕەفیق سابیر دا. نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٤.

٨- صافیە محەمەد ئەحمەد، لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا(١٩٨٠-١٩٩١)، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٣ .

٩- عیزەددین مستەفا ڕەسول(د.)، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی سێیەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

١٠- عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵڵا، شیکردنەوەی دەقی شیعری لە ڕووی زمانەوانیەوە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٨.

١١- عەلی مەعروف شارەزووری، پەندی پێشینانی کورد، چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٠.

١٢- قەناتی کوردۆ(کوردۆیێف)، کۆمەڵە تێکستی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا، ١٩٧٦.

١٣- كامەران موكری(محەمەد ئەحمەد تەها)، ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی، ب١، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەددین، ١٩٨٤.
١٤- محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدین، ١٩٩٠.
١٥- محەمەد مەعروف فەتاح، زمانی شیعر، ڕوانگەیەكی زمانەوانی و پراگماتیكی، كۆنفرانسی زمانی بەشی كوردی، ٢٠٠٧.
١٦- نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو، دەنگسازی، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٤.
١٧- نەسرین فەخری، كلۆركردن و قووتدان جێگۆڕكێ و هەڵگێڕانەوەی دەنگی (د) و هۆكار و دەوری لە زمان و شێواندنی ڕێزمانەكەماندا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە(١٤٥) دارالثقافە و النشر الكردیە، ٢٠٠٠.
١٨- ناز ئەحمەد سەعید، لادان لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا، چاپ و بڵاوكردنەوەی سلێمانی، ٢٠٠٤.

### سەرچاوە عەرەبیەكان:

١٩- احمد علی مرسی(د.)، مقدمة فی الفولكلور، دار الثقافة، القاهرة، ١٩٧٥.
٢٠- احمد محمد ویس(د.)، الأنزیاح من منظور الدراسات الأسلوبیة، ط١، دار مجد، بیروت، ٢٠٠٥.
٢١- أمیمة الرواشدة، شعریة الأنزیاح- دراسة فی شعر محمد علی شمس الدین، منشورات أمانة عمان الكبری، عمان، ٢٠٠٥.
٢٢- جان كوهین، النظریة الشعریة، ت:أحمد درویش، دار غریب، القاهرة٢٠٠٠.
٢٣- جان كوهین، بنیة اللغة الشعریة، ت:محمد الولی و محمد العمری، دار توبقال، ١٩٨٦.
٢٤- حسن ناظم، مفاهیم الشعریة، ط١، المركز الثقافی العربی، ١٩٩٤.
٢٥- عبدالمنعم تلیمة(د.)، مقدمة فی النظریة الأدبیة، ط٢، دار العودة، بیروت، ١٩٧٠.
٢٦- منذر عیاشی(د.)، الأسلوبیة و تحلیل الخطاب، مركز الأنماء الحضاری، دمشق، ٢٠٠٩.
٢٧- هنریش بلیث، البلاغة و الأسلوبیة نحو نموذج السیمیائی لتحلیل النص، ترجمة و تعلیق د.محمد العمری، أفریقا الشرق- لبنان-، ١٩٩٩.
٢٨- یوری سوكولوف، الفولكلور، ت:حلمی شعراوی، عبدالحمید حواس، الهیئة المصریة، ١٩٧١.

### سەرچاوەی ئینگلیزی:

1- Aglossary of Litrary Terms 7th Edition K. M. H.Abrams published by Wadsworth Publishing, 1990

## وظيفة و أهمية الأنزياحات اللغوية في النص الفولكلور الكردي
## (المثل و الملحمة نموذجا)

### الملخص:

أدب الفولكلور كنوع من أنواع الأدب المكتوب والأدب الشعبي، ذو طابع أصيل على مستويي الشكل والمضمون، وهذا هو الّذي ميّزه عن الأنواع الأدبية الأخرى وأعطاه قيمته الخاصة به.



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

لو نظرنا نظرة دقيقة إلى النصوص الأدبية داخل أدب الفولكور، والّتي أتت عن طريق العادات والتقاليد الأصيلة للمجتمع وهي انعكاس لحياة المجتمع في ذلك العصر، ومن ثمّ تمت صياغتها في أساليب أدبية مختلفة لعرض صور واقعية لذلك الزمن الذي عاش فيه المجتمع من الصراع بين قوى الخير والشر والبطولات الشعبية. كما قد حدّد نواقص المجتمع وكشف الستار عمّا هو موجود من الظواهر السلبية داخل المجتمع، إضافة إلى الحفاظ على ما يعتبر بالخطوط الحمراء في الدين والمجتمع والعادات والتقاليد.

تعتبر التعابير البسيطة إحدى المميزات لأدب الفولكلوري حيث جعل الفهم فيه سهلا ويسيرا ؛ وذلك لأنّه هو انتاج شعبي وقيل للشعب أيضا، ومع ذلك أنّ لغته ليست خالية من المظاهر القوية للغة الأدبية بل تظهر فيه المقومات الأدبية في أشكال متعددة، ومن ضمنها العدول.

هذه الدراسة محاولة لأظهار أهمية العدول ووظيفته في النصوص الفولكلورية، وتمّ أخذ الأمثال الكوردية والملحمة الشعبية كنماذج تطبيقية للدراسة؛ وذلك لأن هذه الانزياح اللغوية أصبحت أساسا للأدب المكتوب من جهة، كما لا يستطاع ذكر الأنواع الأخرى للانزياح –من حيث الشكل والمضمون- في النصوص الفولكلورية من جهة أخرى؛ لأنّه يعتبر بداية لأدبنا الكوردي وليست لدينا نصوص أقدم منه حتّى نقارن بها من أجل الوصول إلى القرار وتحديد أنواع الانزياحات، لذا تحتوي الدراسة محورين، ففي المحور الأول تناولنا لغة النص الفولكلوري بوجه عام والانزياح كأساس للأسلوب الأدبي.

وأمّا المحور الثاني خصّصناه لذكر الانزياحات اللغوية الّتي تمّ رصدها خلال هذين النموذجين.

وفي النهاية تمّ عرض نتائج البحث والمصادر المستخدمة في الدراسة إضافة إلى ملخص البحث باللغين العربية والكوردية.

**الكلمات الدالة**: *النص، الفولكلور، الانزياح، الأمثال الكوردية، الملحمة*

## The role and importance of linguistic deviations in Kurdish folklore text
## ( the epic and ancient proverb as example)

**Abstract:**

Folklore literature, like the other literary texts and national texts, has its original track concerning its form and content, and it has a special value that makes it differ from the others. If we focus on the texts in folklore literature, which are rooted in habits of original communities and reflect the lifestyle and the living of urban at that period, they are formed from various styles of literature and genre. They show a real sample of life at that time in struggling with power for war and charity, bravery and hero of peoples. They have shed light on the shortcomings of society and uncovered many bad phenomena in society and kept the redlines of religion, community and habits and kept the borders. One of the special characteristics of language folklore-



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

literature is the simplicity and ease of expressing and understanding it because it is the product of people and said for them, but its language from form and content as strong literature is not out of deviation as the basis of literary style and the structure of poetic texts; it appears variously in forming folklore texts.

The study, in this conference, is an attempt for exploring the functions and the significance of deviation in folklore texts, Kurdish proverbs and Kurdish epics, as samples, they are taken in this study because deviations in language are the basis for literary texts and the other types of deviations from form and content cannot be discussed in folklore literary texts since there are no the beginning and the start of Kurdish literary interview and Kurdish old literary text to compare with them for making a decision and identifying the types of deviation. Thus, the study includes two sections. The first section discusses the language folklore-texts in general and deviation as the basis of literary style. The second section is devoted to the types of deviation in language that can be seen in constructing these two genres. At the end of the study, there are results, references and abstracts in English and Arabic.

**Keywords:** text, folklore, deviation, Kurdish proverbs and epics.